# گەنجانی کەرکووک نیگەرانی نەوەکانی داهاتوون

**کوردانی کەرکووک دەڵێن: ساڵانێکی دوور و درێژ و خوێناوی چاوەڕوانی سەرفرازی بووین و بە هەزاران کەسمان بوونە قوربانی، کەچی تا ئێستاش تاڵان دەکرێین و سووکایەتیمان پێ دەکرێ، لەگەڵ هەموو چەوسانەوەیەکیشدا گیانی کوردستانیبوونمان گەشەی کردووە و لە ناخ و رۆحەوە بەهێزتر بووین، خەبات بەردەوام بوو، هەتا کوردستان رزگار کرا و دوای راپەڕین بەعس رووخا و کورد لە بونیادنانەوەی عێراقی داڕووخاودا بەشداری کردو گیانی دیموکراسی و پێکەوەژیانی بە بەر عێراقدا کرد، بەڵام دەسەڵاتی نوێیش پێش و پاش نەمانی مەترسیی تیرۆریستانی داعش پەلاماری داین. دیسان ئاوارە و دەربەدەر کراین. لەم راپۆرتەدا گەنجانی کەرکووکی جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەتا شارەکەیان بە فەرمی نەگەڕێتەوە بۆ سەر خاکی کوردستان و کوردستانیش نەبێتە خاوەن سەروەریی و دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوا داهاتوتیان نادیار دەبێت.**

«راستە کەرکووك قودسی کوردستانە یان دڵی کوردستانە، بەڵام پێویستە ئەمە ببێتە هەوێنی، ئەوەیە کورد هاودەنگ بێت و بە جیهانی بسەلمێنێ کە شارێکی کوردستانییە و چیدی نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر خاک و خەڵکە زوڵملێکراوەکەی.» ئەوە قسەی دانا مەحموود بوو. ئەو گەنجێکی کەرکووکییە لەگەڵ خانەوادەکەی لە دوای هێرشی ناجوامێرانەی سوپا و میلیشیاکانی عێراقی و ئێرانی بۆ سەر شارەکەی، ئاوارە بووە و پەنایان بۆ هەولێری پایتەخت هێناوە. هاوکات دەڵێت: «داگیرکردنی کەرکووك و خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەزاران بەڵگەی لەسەر کۆکراوەتەوە، نەفامترین کەس دەزانێ کە هیچ پەیوەندییەکی بە کەرنەڤاڵی ریفراندۆم نییە، کە خەڵک بە ئاهەنگگێڕان چوونە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان.» گوتیشی: «خۆ لە سەردەمی مالیکی کە هێزی دیجلە دروست کرا و ویستان کەرکووک داگیر بکەنەوە، ریفراندۆم نەکرابوو، راستییەکەی ئەوەیە شەڕی تیرۆریستانی داعش داگیرکردنەوەی کەرکووکی دوا خست.»

رابەر فایەق پێشمەرگەیەکی گەنجی کەرکووکیە و یەکێکە



گوڵان: کۆمەڵایەتی

لەو هەزاران کوردی ئاوارەی شاری کەرکووک و بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «لەوەتی وڵاتێکی دەستکرد بە ناوی عێراق دروست کراوە، دەستدرێژی دەکرێتە سەر کەرکووکییەکان و بەردەوام هەوڵی تەعریبکردنی ئەم شارەیان داوە و کوردیش کۆڵی نەداوە و لە بەرگری بووە.» گوتیشی: «بارزانیی نەمر گوتوویەتی هەتا یەک کورد لە کەرکووک مابێ، شەڕی کوردستانیبوونی ئەم شارە دەکرێت و هیچ هێزێک ناتوانێ بە زۆرەملێ لە کوردو خاکی کوردستانی جیا بکاتەوە.» ئەو گەنجە پێشمەرگەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەر میللەتێك توانای بەرگریکردنی لەمافی خۆی نەبێت، دەفەوتێت و ناوی نامێنێت.» هاوکات دەڵێت: «ئەوەی لە تەواوی باشووری کوردستان پەیڕەوی لێکراوەو چەسپاوە، پێکەوەژیان و ئاشتەواییە، بە پێچەوانەوە حوکمڕانانی عێراق بە عێراقی فیدراڵیشەوە ئامانجیان کۆمەڵکوژی و ماڵوێرانکردنی کورد بووە.»

نوقشە سلێمان، هاوسەری پێشمەرگەیەکی دێرینە لە کەرکووک و ئەویش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «دەردەکە، دەردە کوردە، لە ناو خۆدا یەکگرتوو نین، بۆیە بە چرکەساتێک سەنگەرێکی بەرفراوان لە خانەقین تا کەرکووك چۆڵ کرا، کەس پێشبینی خۆکوژییەکی لەو شێوەیەی نەدەکرد، بەڵام بەرگریکردنی پردێ هاوکێشەکەی گۆڕی و کەرامەتی کوری کڕییەوە، ئەمەش جیاوازیی وڵاتپارێز و وڵاتفرۆشی بۆ نەوەکانی داهاتوومان لە مێژوودا تۆمار کرد.»

لانە هەمەوەندی کچێکی کەرکووکییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بە رووخانی دیکتاتۆریەتی بەعس و سەدام حوسێن هیوامان بۆ گەڕایەوەو گوتمان دەستدرێژیکردنە سەر کەرامەتمان تەواو بوو، چەوساندنەوە کۆتایی هات و چیدی ماڵوێران و ئاوارە نابین، کەچی دیسان ماڵوێران و ئاوارە بووین و ماڵمان تاڵان کرا.» گوتیشی: «ئێستا بازاڕەکان تاڵان دەکرێن و خەڵک دەکوژرێن. تەعریبچییەکان خۆیان بە سەر شارەکە و خەڵکەکەیدا دەسەپێنن. ماددەی ١٤٠ بە حیساب ماددەی چارەسەری کێشەکانی کەرکووکە، بەڵام بووەتە کێشەی سەرەکیی کەرکووک و تەعریبێکی نوێ لە شارەکەدا بەرجەستە دەکات.» گوتیشی: ئێمەی کەرکووکی ئەرکە لە سەرمان بەرگری لە شەرەف و خاک و شارەکەمان بکەین، دەنا دەبێ بۆ هەتا هەتایە نەوەکانمان داهاتوویەکی گەش نەبینن.»

یاساناس هێڤی ئەحمەد، وەک کەرکووکییەک دەڵێت: «نە کەس وەک ئێمە خاوەنی کەرکووکە و نە کەس وەک ئێمە ئازاری راستەوخۆی پێ دەگا و نە کەسیش وەک ئێمە بەردەوام لە بەردەم هەڕەشەی ئاوارەبووندایە، دەستبەردانیشمان لە کەرکووک، بە هۆی هەر ماددەیەکی قانوونی و ناقانوونی و تایفەیی و مەزهەبی، دەستبەردانمانە لە کەرامەتی نەتەوەیی خۆمان.» گوتیشی: «رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران بە ڕێککەوتنی ژێربەژێر لەگەڵ چەند کەسێکی نێو کوردزمانی نابەرپرس هێرشیان کردە سەر کوردستان و دەستیان بەسەر کەرکووک و خورماتوو و ناوچەیەکی بەرفراواندا گرت و بە هۆیەوە سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون و سەدان کەسیش شەهید و بریندار کران. ئەو کارەساتە مێژووییەی داگیرکردنەوەی کەرکووک هەرگیز لە یاد ناچێت و پێویستە بە هەموو لایەک، بە تاک و کۆمەڵ و بە یەکدەنگی و یەکڕیزی هەوڵ بدەین جیهان لەو گەلەکۆمەکی و غەدرە نارەوایە ئاگادار بکەینەوە کە لە کورد دەکرێت.»

**ئێمەی کەرکووکی ئەرکە لە سەرمان بەرگری لە شەرەف و خاک و شارەکەمان بکەین، دەنا دەبێ بۆ هەتا هەتایە نەوەکانمان داهاتوویەکی گەش نەبینن**

**پێویستە بە هەموو لایەک، بە تاک و کۆمەڵ و بە یەکدەنگی و یەکریزی هەوڵ بدەین جیهان لەو گەلەکۆمەکی و غەدرە نارەوایە ئاگادار بکەینەوە کە لە کورد دەکرێت**

**ماددەی ١٤٠ بە حیساب ماددەی چارەسەری کێشەکانی کەرکووکە، بەڵام بووەتە کێشەی سەرەکیی کەرکووک و تەعریبێکی نوێ لە شارەکەدا بەرجەستە دەکات**



# شنگال برینی سارێژ نەبووی
# کورد دیسان برینداركرایەوە



**دوای ئەوەی رۆژی ٣-٨-٢٠١٤ داعش هێرشی کردە سەر شنگال و دەوروبەری، بەهۆیەوە نزیکەی ٤٠٠ هەزار کوردی ئێزیدی ئاوارە بوون، لە ١٢-١١-٢٠١٥یش پێشمەرگە بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی هەڵمەتی رزگارکردنەوەی بۆ سەر شنگال بەرپا کرد و لە ١٣-١١-٢٠١٥ داعشی لێ وەدەرنا و ئازادی کردەوە، کەچی هێشتا برینی خەڵکەکە سارێژ نەببوو لە (١٧-١٠-٢٠١٧) حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان هێرشیان کردە سەر شنگال و جارێکی دیکە ناوچەکە داگیرکرایەوەو خەڵکەکشی ئاوارە بوونەوە، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکانیش لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستادا شنگال زیاتر ناوچەیەکی سەربازییە و خزمەتگوزاری مرۆیی تێدا نییە و ئەوەش وایکردووە خەڵکەکە نەک ناتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بگرە لە رووی دەروونییەوە زۆر شڵەژاوتر بوون. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە راوبۆچوونی خۆیان هەیە.**



لە هێرشکردنە سەر ئێزیدییەکان لەلایەن هەر هێزێکی داگیرکەرەوە، هیچیان لە بە تاڵانبردنی ماڵەکانیان و رفاندنی کچ و ژنانی ئێزیدی و پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژکردنیان سڵیان نەکردووەتەوە، ئەوەش گەورەترین تاوان مرۆیی بووە کە بەرامبەر کوردانی ئێزیدی ئەنجام دراوە. تیرۆریستە توندڕۆیەکانی داعش و دواتر حەشدی شەعبی هەمان تاوانیان دووبارە کردەوە. لە ئازاری ٢٠١٦ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تاوانەکانی داعشی بەرامبەر ئێزیدی و کریستیانەکانی عێراق بە جینۆساید ناساند. پێشتریش حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو یەکەمین حکومەت ئەم تاوانە قێزەوەنانەی بە جینۆساید ناساندبوو. پەیڕەوانی ئیزیدی کەمینەیەکی مەزهەبی کوردن کە لە باکووری عێراق، سووریا و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا و قەفقاز نیشتەجێن و رێژەی ئێزیدییەکان لە سەرانسەری جیهاندا نزیك بە ٩٠٠ هەزار کەس لە قەڵەم دراوە.

نادیە شێخ خودێدا وەک خاتوونێکی ئیزیدی هێما بۆ ئەوە دەکات کەوا بە درێژایی مێژووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق خەڵکی شنگال لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا بوون، گوتیشی: «ئەوەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە ئێمەی ئێزیدی کرد، کارەساتێك بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی نەبوو، منیش کچێکم دایکم تا ئێستاش لەژێر دەستی داعشدایە و باوکم شەهید کراوە و خوشکە بچووکەکەم لەسەر چیای شنگال لەناو دەستی خۆمدا لە توونییان و لە برسان گیانی لە دەست دا.

نادیە شێخ خودێدا لە درێژەی قسەکانیدا هەڵویستی سەرۆك مسعود بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورستان نێچیرڤان بارزانی بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت: «پێویستە هەڵوێست و هەوڵ و هیممەتی سەرۆك بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی لەبەرچاو بگرین و هەرگیز لەبیری نەکەین، ئەگەر ئەوان نەبوونایە تا ئەمرۆش لەژێر دەستی داعش دەبووین، بۆیە لەم رووەوە هەموومان قەرزاربارییانین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جارێکی دیکە برینەکانمان کولانەوە و دووچاری ماڵوێرانی و ئاوارەیی بووینەوە، تا ئێستاش ناتوانین لە زێدی خۆمان بە ئاسوودەیی بژین و هەمیشە هەڕەشەی داگیرکردن و رفاندن و کوشتن و ئاوارەبوونمان لەسەرە.»

خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزراەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، ئاماژەی بەوە کرد کە «بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٧/١١/٥ تازەکراوەتەوە، ژمارەی ئێزیدییەکانی

**پێویستە هەڵوێست و هەوڵ و هیممەتی سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی لەبەرچاو بگرین و هەرگیز لەبیری نەکەین، ئەگەر ئەوان نەبوونایە تا ئەمرۆش لەژێر دەستی داعش دەبووین**

**شنگالییەکان لە کەمپەکانی کوردستاندا زۆر جار دەڵێن ژیان لەناو کەمپی کوردستاندا زۆر خۆشترە لە ژیانی شنگال لە ناو پەکەکە و حەشدی ئێرانی و حەشدی عێراقی، چونکە ناتوانن دەڤەری ئێمە بە دڵسۆزی بپارێزن**

**خەڵکی شنگال جگە لە مەترسییەکانی فڕۆکەی تورکیا و سەربازگەی پەکەکە و حەشدی شەعبی کە لە لیستی تیرۆریستانە لەلای ئەمریکاوە، مەترسییەکی گەورە کەوتووتە ناو دڵیان بەوەی کە لە کوردستان جیا دەکرێنەوە**

عێراق ٥٥٠ هەزار کەسن، ژمارەی ئاوارەکان ٣٦٠ هەزار ئاوارەن، ژمارەی شەهیدان ١٢٩٣ شەهیدن و ١٧٥٩ منداڵ بێ باوك بوون، ٤٠٧ منداڵ بێ دایك بوون، ٣٥٩ منداڵ بێ دایك و باوك ماونەتەوە، ٢٢٠ منداڵیش دایك و باوکیان لە ژێر دەستی داعشدان، کۆی گشتی منداڵە هەتیوەکان ٢٧٤٥ منداڵە، تاوەکو ئێستا ٤٤ گۆڕی بە کۆمەڵی ئێزیدییەکان لە شنگال دۆزراونەتەوە، وێڕای دەیان شوێنگەی گۆڕی تاکەکەسی، ٦٨ مەزار و مەرقەدی ئایینی لەلایەن داعشەوە تەقێندراوەتەوە، ٦٤١٧ کەس رفێندراون کە ٣٥٤٧ لە رەگەزی مێ، ٢٨٧٠ لە رەگەزی نێر، تاوەکو ئێستا ٣١٩١ کەس ئازاد کراون، لەوانە ١١٢٨ ئافرەتن و ٣٣٥ پیاون، ٩٠٠ منداڵی کچ لەگەڵ ٨٢٨ منداڵی کوڕ، ژمارەی ئەوانەی تا ئێستا دەستی رزگارکردنیان پێ نەگەیشتووە ٣٢٢٦ کەسن کە ١٥٢٠یان لە رەگەزی مێ و ١٧٠٦یان لە رەگەزی نێرن.»

ئەوەشی خستەڕوو: «ئێزیدییەکان بە گشتی دوای ئاوارەبوونیان لە ژێر خێوەت و لە کەمپەکان ژیانێکی سەخت و پڕ لە موعانات بەسەر دەبەن، لە کاتێکدا ئێستا شنگال سێ هێزی تێدایە کە بریتین لە پێشمەرگە، حەشدی شەعبی و پەکەکە.»

نەجم ئیلیاس عەبدی کارگێڕی لقی ٢٠ ی شێخان ناوچەی خەتارێ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دۆخی خەڵکی شنگال لە ئاستێکی لاوازدایە، بەتایبەتی کە بەو کۆتاییانەی رۆژانە بە دەیان خەلك دەگەڕانەوە شنگال، بەڵام کە حەشدی شەعبی هاتن، دیسان ئاوارە بوونەوە، ئێستاش رێگای هاتوچوویان زۆر زەحمەتتر بووە و باری ئەمنی لە دەڤەری شنگال زۆر بەرەو خراپی رۆیشتووە، خەڵکی شنگال جگە لە مەترسییەکانی فڕۆکەی تورکیا و سەربازگەی پەکەکە و حەشدی شەعبی کە لە لیستی تیرۆریستانە لەلای ئەمریکاوە، مەترسییەکی گەورە کەوتووتە ناو دڵیان بەوەی کە لە کوردستان جیا دەکرێنەوە.»

گوتیشی: « شنگالییەکان لە کەمپەکانی کوردستاندا زۆر جار دەڵێن ژیان لەناو کەمپی کوردستاندا زۆر خۆشترە لە ژیانی شنگال لە ناو پەکەکە و حەشدی ئێرانی و حەشدی عێراقی، چونکە ناتوانن دەڤەری ئێمە بە دڵسۆزی بپارێزن.»

دلڤین خەلەف موراد، بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی دەڤەری شنگال، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەهۆی ئاڵۆزیی باری سیاسیی کوردستان و ناوچەکە، دانیشتووانی شنگال بە ئافرەت و پیاو و منداڵەوە چەندین جار ئاوارە بوون و تووشی ناخۆشی زۆر هاتوون، هاوکات دەڵێت: «خەڵکی دەڤەرەکەمان دیسان تووشی کێشەیەکی گەورە بوون و بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بووە و هەر هەموومان لە رەوشێکی سەخت تێدەپەڕین، ئەگەرەکەش روون و ئاشکرایە، چونکە برینەکەی پێشوومان هێشتا سارێژ نەبووەو بە هەزاران کچی ئێزیدی لەناو دەستی تیرۆریستانی داعش ماون و کەسوکارەکانیان چاوەڕوێی رزگارکردنیان دەکەن، کە چی بەداخەوە ئەمڕۆ دیسان شنگال لە لایەن حەشدی شیعی و پاسدارانی ئێرانی داگیرکرا و ئەوانەشی کە گەڕابوونەوە بۆ شنگال، دیسان زوڵمیان لێی کرا و ئاوارە بوونەوە، واتا خەڵکی دەڤەرەکەمان دووبارە بوون بە قوربانیی شەڕی تایفەگەری و مەزهەبگەرایی و داهاتوویان زۆر نادیارە.»

**دۆخی خەڵکی شنگال لە ئاستێکی لاوازدایە، بەتایبەتی کە بەو کۆتاییانەی رۆژانە بە دەیان خەلک دەگەڕانەوە شنگال، بەڵام کە حشەدی شەعبی هاتن، دیسان ئاوارە بوونەوە**

**ژمارەی ئاوارەکان ٣٦٠ هەزار ئاوارەن، ژمارەی شەهیدان ١٢٩٣ شەهیدن و ١٧٥٩ منداڵ بێ باوک بوون، ٤٠٧ منداڵ بێ دایک بوون، ٣٥٩ منداڵ بێ دایک و باوک ماونەتەوە، ٢٢٠ منداڵێش دایک و باوکیان لە ژێر دەستی داعشدان**

**جارێکی دیکە برینەکانمان کولانەوە و دوچاری ماڵوێرانی و ئاوارەیی بووینەوە، تا ئێستاش ناتوانین لە زێدی خۆمان بە ئاسوودەیی بژین و هەمیشە هەڕەشەی داگیرکردن و رفاندن و کوشتن و ئاوارەبوونمان لەسەرە**



# مامۆستا مەلا ڕەفیق (١٩٣٣-٢٠١٧)

# نموونەی دینداڕێکی سەردەمیانە

سەنگەر زراری

کاتێك لە سەرەتاکانی خوێندنەوە بووم و کاریگەر بووم بە دەرس و وانەکانی مزگەوت، وام دەزانی هەرچی شتێك لە ئایین بگوترێ، نابێ پرسیاری لەبارەوە بکرێ و دەبێ بێ چەندوچۆن وەربگیرێ!! مەلا ڕەفیقی باپیرم یەکەم کەس بوو کە لە ڕێگای مەجیلس و دانیشتنەکانییەوە، لێیەوە فێر بووم ئایین بەو شێوەیە ڕەها نییە، وەك ئەوەی هەندێ لە مەلاکان دەیلێن، بەڵکو زۆر بابەتی ئایینیش هەن، دەشێ جێگەی پرسیار و گفتوگۆ بن، ئەو نموونەی دینداریيەکی نەرمونیان و عەقڵانی پەیڕەو دەکرد، سەرەڕای ئەوەی تا مردیش هەموو نوێژەکانی بە کۆمەڵ بوو، کەچی لە کاتی کاسبیکردن نوێژی بە کۆمەڵی نەدەکرد، دەیگوت کاسبی فەرزە، بەڵام نوێژی بە کۆمەڵ سووننەتە.

ڕەفیق عەباس جەرجیس، ناسراو بە (مەلا ڕەفیق) لە ساڵی (١٩٣٣ز) لە گوندی (گرمامك)ی سەر ڕووباری ئیفراز لەدایك بووە، تا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە گوندەکانی ئەم دەوروبەرە ماوەتەوە، لە گوندەکانی دەوروبەری گوندەکەی خۆی، سەرەتا فەقێیەتی و دواتر لە قوتابخانەی گوندیش خوێندوویەتی، لە ساڵی (١٩٥٣) هاتووتە هەولێر، بەڵام بەهۆی باری خێزانداری و کارکردن بۆ بژێوی ژیان و هەژاری، خوێندنی تەواو نەکردووە و تا پۆلی پێنجی ئامادەیی خوێندووە، ئەو بڕە خوێندنە بۆ ئەوکات گەلێك زۆر بووە، خوێندنەکەی ئێواران بووە و بە ڕۆژیش لە کارگەی بەفری ئەحمەد چەلەبی کاری کردووە، کە کارگەیەکی بەناوبانگ بوو. لە کۆتایی شەستەکانیش لە بەدالەی هەولێر دامەزراوە و دواتر لە ساڵی (١٩٧٦) دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندن کە پێیان دەگوت (دائیرەی تەلەفۆنات) و تا ساڵی (١٩٩٦ز) خانەنشین کراوە لەو کارەی بەردەوام بووە و بەرپرسی وردبینی و ژمێریاری بووە، لە کارەکەی خۆی زۆر دڵسۆز بووە و تا ئێستاش ئەوانەی کاریان لەگەڵ کردووە شاهێدی بۆ دەدەن.

لە شەستەکانەوە تا ساڵی (١٩٧٦) لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی پێشمەرگە کاری کردووە، تا کۆتایی ژیانیشی، واتا تا (٢٠١٧/١٠/١٦) بەردەوام کتێبی دەخوێندەوە و هەمیشەش دەفتەرێکی هەبوو کە تێبینی و ئەو شتانەی تێدا تۆمار دەکرد کە پێی گرنگ بوون. ساڵانەش لە دەفتەرێکی تایبەتدا ڕێژەی بارانبارین و پلەی گەرمی و.... تۆمار دەکرد.

مەلا ڕەفیق بەردەوام نامەی بۆ مامۆستایانی ئایینی و وتاربێژان دەنووسی، سەردانی دەکردن، ئەگەر هەڵەیەکی لە وتارەکانیان گوێ لێ با، بە نامە بۆی ڕاست دەکردنەوە، یان پێی ڕادەگەیاندن کە پێویستە وتارەکانیان لەگەڵ زانستەکانی ئەم سەردەمە بگونجێت و چەند جارێکیش خۆی خوتبەی دەخوێندەوە و لە خوتبەکاندا گرنگیی بە پرسەکانی سەردەم دەدا. سەرەڕای گرنگیدانی بە بابەت و زانستە شەرعییەکان، گرنگی بەو زانیارییانەش دەدا، کە پەیوەندییان بە جیهانی ئەورووپا و دنیای دەرەوەی ئیسلامەوە هەبوو، زۆربەی جار زانیارییەکانی لەو دەفتەرە تۆمار دەکرد کە لەبەردەستیدابوو، بێگومانم ئەگەر دەرفەتی بۆ گونجابا خوێندن تەواو بکات، دەبووە یەکێك لە زانا نوێخواز و دیارەکانی سەردەم.

برادەرێکی نزیکم بۆی گێڕامەوە و گوتی: کاتێك خانووم دروست دەکرد، پارەم لەبەر بڕا، داوام لە چەند برادەرێك کرد پارەم بە قەرز پێ بدەن، ئەوکات لەبەردەستیان نەبوو، تووشی حاڵەتێکی زۆر ناخۆش بووم، منیش دەمزانی ڕێکخراوێك هەیە بەناوی (الثقة) پارە بە قەرز دەداتە خەڵك، بەڵام زیادەیەکی کەمی دەخەنە سەر، منیش بە (مامۆستا مەلا رەفیق)م گوت، ئەگەر ئەو پارەیە وەربگرم گوناحبار نابم؟ ئەو گوتی: هیچ چارەسەرێکی دیکەت هەیە جگە لەمە؟! مینش گوتم: نەوەڵڵا، گوتی دە باشە مادام ناچاری و چارەی دیکەت نییە، وەریبگرە و لای کەسیش باسی مەکە، گوتیشی: ئەگەر بۆ ناچاری بێت، ئاساییە، بەڵام بۆ جوانکاری و مەسرەفی زیادە، ئەم کارە بە هیچ شێوەیەك دروست نییەو دژی شەرعە.

لە هەموو بارێکدا، ئەو بەجۆرێك ئایینی پەیڕەو دەکرد، کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی بێت و بە دروستی لە پەیامی ئایین تێگەیشتبوو.

*** مەلا ڕەفیق عەباس لە(٢٠-١٠-٢٠١٧) کۆچی دوایی کرد، ئەم بابەتە بە بۆنەی یادی چلەکەیەوە نووسراوە.**

